بە فەرمانی مەسرور بارزانی پەستی وتەبێژی حکومەتی کوردستان درا بە پێشوا هەورامی



ئەمڕۆ پێنجشەممە، بە فەرمانی سەرکی حکومەتی ماوەبەسەرچووی هەرێم، وتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان "جوتیار عادل" گۆڕا بە "پێشوا هەورامی"، ئەمەش لە کاتکدایە کە ئەم حکومەتە لەلایەن دادگای باڵای فیدراڵی بە حکومەتی کار بەکەر ناوبرا لەدوای درێژکردنی تەمەنی خۆی.

لەم بارەیەوە، پێشوا هەورامی گوتی: "لەسەر فەرمانی جێنابی سەرکی ئێنجومەنی وەزیران بەڕێز کاک مەسرور بارزانی، ئەمڕۆ وەک وتەبێژی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستبەکار بووم، سوپاس بۆ متمانەو پاڵپشتیی هەمیشەیی جێنابیان لە هەموو قۆناغەکانی کارکردنم".